
# قەڵا زادە

ئەوان هەموو دەربارەی من قسە دەکەن، بەڵام کەسێ بیر لە من ناکاتەوە..!!

زەردەشت



فەیسەڵ هەمەوەندی

کەس بۆی نەبوو هەواڵی ئەو ئێوارەیەی قەڵا بەدرۆ بخاتەوە، یا گومانی لێبکات، ئێمە وەک ئەوەی خوومان بەگەمەی هەواڵبازییەوە گرتبێ، سووسەی هەموو قسەیەکمان دەکرد، ئامبازی هەموو خەبەر و دەنگۆیەک دەبووین، لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا، ئەم شارە دەبێتە بازاڕێکی یەکجار گەورە بۆ پێشبڕکێی هەموو جۆرە قسەیەک و هەواڵێکی نوێ.

لەمێژە شار لە چاوەڕوانی هەواڵێکدایە، چاوەڕوانی (پەیک)ێکین لە خۆرهەڵاتەوە، خۆرهەڵات دەنگۆی هەموو سەرفرازییەکانی پێیە، بە هاتنی کەسێک لە ژوورەوە کەیفخۆش دەبووین، هەر زوو دەکەوتینە سۆراخی هاتنەوەی کوێستانچییەکان، ئەوانەی هەژانێکیان بۆ ژیانەوەی شار پێیە، ئەگەرچی چاوەڕوان نەبووین بەو شێوەیە هەواڵەکە بڕسکێ، بەڵام پێشبینی خەبەرێکی لەناکاومان دەکرد، هەڵایەک بنێتەوە.

ئیدی هەواڵەکە وا ڕسکا:

باڵداریێ.. بەقەد یەک باڵەفڕەی کۆپتەر، لەسەر قەڵا نیشتووەتەوە..!!

ئێوارەیەکی درەنگ نەبوو هەواڵەکە بە شاردا بڵاوبووەوە، هەراو هوریای خەبەرەکە، شاری بەقەد بوومەلەرزەیەک هەژاند، کەس نەیدەزانی بەختی قەیرەیی شارە لە بۆ زەماوەند، یا هەڵایەکی تری حەساوگرەکانە لە درۆی سپی بۆ ئەو خانمە دڵشکستە، دەنگۆی هاتنەوەی (پەیک)ێکیش نەبوو، بە پەرۆشەوەی خەبەرەکە بووین، کەس ئامادەنەبوو بۆ بە دەنگەوەچوونی هەواڵەکە بۆ ڕۆژی دواتر دوا بخات، خەڵکی لە هەموو لایەکی شارەوە بە هەڵەداوان بۆ بەردەم قەڵا دەچوون، ڕۆژ ڕۆژی چلورەفرۆش و تو فرۆش و جگەرە فرۆش بوو، ئەمان ئەزموونێکی زۆریان لە قۆستنەوەی ڕووداوی لەناکاودا هەبوو، هەموو قسەیەکیان بەلەز تاوتوێ دەکرد، هەر ئەمانیشبوون..ترش و خوێیان بە قسەوە دەکرد، تا زۆرتر قەرەباڵغی بێ، زۆرترین دەستکەوتیان هەبێ.

ئەگەر دەنگۆی باڵدارێکی وا گەورە لە شارێکیتر هەواڵێکی پڕ لە گومانەو سەد دەر سەد ناچێتە ئەقڵەوە. وەلێ لەم شارە، قەڵا هەموو ئەو سەرگوزشتە ئەفسانەیەی لە خۆدا وەشاردووە، کە سەدان ساڵە پێوەی دەناڵێ، خەڵکییش بەردەوام لە سووسەی بە خەبەربوونییەوەن.

(( بەوەڵا..ئەگەر ئەسحابە نەبێ، شەخسێکی موبارەکەو هەستاوەتەوە..!!))

ئەمە قسەی دوو ئافرەتبوو، بەدەم ڕێوە بۆ یەکیان دەکرد، هاوڕێکەیشی هەڵیدایەو وتی:

– بەخوا خوشکە.. دوێنێ شەو خەوم بە قەڵاوە بینی، نوورێک لە مەرقەدەکەی دانیال پێغەمبەر بەدەر کەوت، هەموو دونیای ڕووناک کردەوە..!

– وەی بە قوربانت بم پێغەمبەری نەوجوان

– نزر بێ، ئەو کوڕەم سەرهەڵبدات و بگەڕێتەوە، گایەکی بۆ بدەم بە ئەرزا..!

– خەبەرێکی هەر نەبوو..؟!

– نەبەخوا، بەڵکو ئەمە خوایە لەسایەی........

– مەترسە، مادام نزرت کردووە، خێر ئەبێ ئینشاڵڵا

شرۆڤەی زۆربەی زۆری بۆچوونەکانمان لەمەڕ باڵدارێکی وا گەورەوە.. وەک سەوداو مامەڵەیەکی ناوەختبوو بۆ بە شوودانی گەورە کچێ، کۆمەڵێک پێیان وابوو، ئەگەر دەستێک لە پشتی هەواڵەکەوە نەبێ، غایەلەی ئەوەیان دەکرد شێتێک هەواڵەکەی بڵاوکردبێتەوە، ئەمە شرۆڤەی پیاو ماقووڵ و ڕیش چەرموو و دونیا دیدەکانبوو، کە لە باپیرانەوە ئەو حیکمەتەیان پێڕاستبووکە دەڵێ((قسە یا لە شێت یا لە نەزان..!!))، بەدیوێکیتر خەڵکیی هەڵوەلای بینینی ئەو باڵدارەبوون، وەک بەدواداچوونی ئەو سەرگوزشتە ئەفسانەیەی لەناو قەڵادا لە دێر زەمانەوە وەشاردراوە.

لەسیلەی دوو پیاوی عەرەب.. کە بۆ هەمان مەبەست هاتبوون، گوێم لێبوو دەیانگوت:

– ممکن اتکون دایناصور..؟!*

– لا، موستەحیل. والحک های الحچی موخالی..!!

– قەسدەک نازلین ئەل.....

–ئی ی ی، عەفیە وسەڵت

زیرەی منداڵێک ڕایەڵی قسەکانی پێقاچیم، دیاربوو لە قەرەباڵغیەکە ئازاری پێگەیشتبێت،

یا ورکی به چلورەوە گرتبێ، دایکی بەنێو قەرەباڵغیەکەدا هەر پەلکێشی دەکرد، ئەویش لە زیرەی خۆی نەدەکەوت.

ئەو حەشاماتەم بینی کە لە پاینی قەڵا ئاپوورەیان بەستبوو، قەرەباڵغیەکە لە ئەقڵا نەبوو، دەرزیت هەڵدابا بەزەوی نەدەکەوت، جەماوەرەکە شەپۆلی دەدا، لەدوورەوە وەک ئەوە وابوو..قەڵا بەکێش بکەن. پێشتر کەس بیری بۆ لای قەڵا نەدەچوو، وا بەو حەشاماتەوە لە حزووری ڕاوەستن، ئەمە وێڕای تێڕوانینی هەر یەکە بە ئاراستەیەکی جیاواز لە ڕاوبۆچوون لە مەڕ پیرۆزیی قەڵاوە.

- هەبێ و نەبێ.. هێلکەی پییەو، لێرە شیاوتر نابینێ لەسەر هێلکەکەی کڕ بکەوێ..!!
- چۆن..؟!
- ئەی ئەو ساڵەت لە بیرچوو کە ویستیان دارەکەی قەڵا ببڕنەوە، خوێنی دادا..!!
- ئەوە درۆ بوو
- گوایە ئەمەیان ڕاستە..؟ وا هەمووومان تەشریفمان بۆ هێناوە..!!
- ئای چەند چەقە چناوەی.. لێگەڕێ بزانین چۆن بن دەناتەوە
- هەر وەک لافاوی هەموو ساڵێکی خاسە، قوڕاوو لیتاوو زەرعاتی گوندەکان و دارو دەوەن ڕادەماڵێ و چۆڕێ ئاویش بۆ خاسە جێناهێڵێ.

لەولاتر کەسێک شرۆڤەی شوومی باڵدارەکەی خستبووە گەڕ

- پێموایە لە وێرانەیەک دەگەڕێ، بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە..!
- جا با واشبێ، یانی چی؟!
- کوڕی باوکم.. بیرتان لەوە نەکردۆتەوە چی ئەخوا چی ناخوا، ئێ خۆ ماقووڵیش نییە بەرد و دار بخوا..!
- ..........
- بە کوردیەکەی زوحاکێکی ترمان لێ پەیدا دەبێ..!

ئەوانەی خەبەرەکەیان پێگرانبوو، کۆمەڵێ مشەخۆر و بێویژدانی شار بوون، تا بەرژەوەندیەکانیان کاڵ نەبێتەوە، بە قسەیەکیتر دەیانگوت:

- ئێمە لە مێژە لەچاوەڕوانی هەواڵێکداین،خۆ ئەگەر نیاز خراپ بێ، ئەوا قەڵا لەژێرپێیدا تەخت دەکەین، ئیتر لە کوێ سوکنا دەکات..!

بیرو بۆچوونەکانمان وەک گەڕانەوەی کەسێک بوو لە بەرەکانی جەنگ، ئێمە سوراخی سەرکەوتنمان لێ دەکرد، ( ئەو) تا ئێمە لێی نەچینە گومانەوە کە لە هەڵاتوویەکی بەرەکانی جەنگ دەچێ، هەموو ئەگەرەکانی بردنەوەی شەڕی بۆ داهێنایین.

لەم مەتەڵانە زۆرن، ڕۆژانە لە چاخانەو لەناو پاس و لە سەرەی نان و لەبەر پەنجەرەی فەرمانبەرانی شاردا، سەدان قسەی وادەکرێ، بەڵام بەقەد هەڵبەستەی قسەیەکی بێ سەرو بەری وەک هەواڵی ئەم باڵدارەی سەر قەڵا نین، کە سەرجەم خەڵکی ئەم شارەی هێناوەتە سەر شەقام و هیچیشی پێوە دیارنییە. ((شەڕ نانەوە لە دەستبەتاڵی باشترە)).. ئەمەش ئەو حیکمەتەیە دەستبەتاڵیمان دەباتەوە لای ڕابردوویەکی دووری پەژموورەدەیی و نائومێد، لە دێر زەمانەوە شەڕ بۆ قەڵا دەکەین، ئەویش وەک پیرەمێردێکی خرف لە پاڵ دیواری مزگەوتێکدا مەرگ ماتەڵی کردووە.

لە شوێنی ئەم حەشاماتە، پاربوو لە کارەساتێکی دڵتەزێندا خەڵکێکی زۆر.. تێکشکێنران.

بە قەڵاوە هەموو ئەو شەهیدانەمان بینی بەدەم ڕەنگێکی سووربلوی وەک لای خۆرئاوای ئەم شارە ڕۆحیان لەبەر داماڵرا. ئەوم بینی زۆر بە شپرزەییەوە باووشی بە خاکدا کردبوو، زۆر نەبوو لە هەندەران گەڕابووەوە، زۆرجار دەیگوت گەڕەکە پڕ چڵپاوەکانی ئێرە، هەموو بەهەشتی غوربەت دێنێ. ئەو کاغەزەم خوێندەوە کە لە سیلەیدا کەوتبوو، پێدەچوو بناغەی قەسیدەیەکبێ نووسیبێتی:

(( لەوێ دوو نەمامی قەراخ ئاوێ.. سووسەی ئەوەیانە کەی خۆر هەڵدێ..

لێرە شووشەکانی دڵ بەدەم گڤەی باوە دەشکێن..

لەولاتر کەرخۆرێ گۆرانی بۆ گیانەڵانی بوونەوەرێک دەڵێ

شار بە سەر پشتی ماسیەوەیە.. خزە خۆ ناگرێ

ئەو کچەی پرە لە مراز.. بێ چەتر لە ژێر بارانێکی بەخوڕدا چاوەڕوانە

لەودیوی تەلبەندەکان.. کەسێک ماوە و دەنگی بەکەس ناگا )).

خۆر بە تەواوی ئاوانەببوو، لاجانگی قەڵا بە دیوی خاسەدا، سوور هەڵگەڕابوو، کەمێک بەلای لێڵبووندا دەچوو، چپە چپ کەوتە ناو جەماوەرەوە، بەزمەکە کەوتە دەم منداڵان، برێ منداڵی چەتوون لە سیلەی پیاوێکی ڕیش چەرموودا کردیان بە هەڵا، هەر وەک ئەوەی باڵدارەکە وەدەر کەوتبێ.

-ئەرەوەڵڵا..ئەوەتا..ئەوەتا

دوای دەسترێژێ پێکەنین.. پیاوە ریش چەرمووەکە لە فیکەی خۆی تێگەیشت و هەڵیدایەو وتی:

- دەک بە نەعلەت بن بۆ چ منداڵێکن.. هەی حەرامزادانە.

سەرنجی خەڵکەکەی دەوروبەری کابرا کە بە دوادا هاتنەوە، بە برێ لە زەردەخەنەو سەربادانی گاڵتەجارییەوە، ئێشێکیان پێگەیاند، بێدەنگ خۆی لە شوێنێکیتری قەرەباڵغیەکە وەشارد.

یەک دوو هەرزەکار لەتەک برێ ئافرەت هەڵایەکی عاشقبازانەیان بەسەریاندا هەڵدا.

ئەگەرچی ئافرەتەکان ناخیان پڕبوو لە جنێو..وەلێ بۆ ئەوەی حورمەتیان کاڵ نەبێتەوە.. ناچار بوون جنێوەکانیان قوت دەن، ئیدی هەر کەسەو وریایی خۆی لێخستە گەڕ، نەبادا ببێتە مەخسەرەی هەڵایەکی لە ناکاو، چەند ئافرەتێ خۆیان لە نادیارییەکەوە مەڵاس دابوو، بۆ ئەوەی هەر یەکەو مشتێ گڵی قەڵاکە بخاتە ژێر عاباکەیەوە، ئەویش موفەڕکەو.. پێدەچێ ژنان زوتر درکی پێبکەن.

هەموو لە خەونێکی بێسەرو بەرمان دەکرد، هەر یەکەو بۆ مەبەستێکی تایبەت ناسرەوتنی بارەکەی بۆ شرۆڤەیک ڕادابوو. هەر لەوێ لە ڕیزی پێشەوەی بازنەی پیاوماقووڵان گوێم لێبوو دەیانگوت:

- دەبێ بە هاتنی ئەم باڵدارە.. پێشبینی ئەوەش بکەین، ڕەنگە باڵداری تریش بە دوایدا بێ، یان

- یان..چی؟

- یان ئەوەتا ڕێی ونکردوەو لێرە نیشتووەتەوە

نـاڕەحـەتـی

بە هەموو لێکدانەوەیەکدا

شــۆڕی دەکــردیـــنــەوە. مەتەڵێک

بەردەوام لە هزرماندا ئاوێزان بوو. لە حەیبەتدا

سەرەڕۆییمان بە هەموو ڕێیەک دەسپارد. هەموو

ئەو ساڵانەی ڕابردوو پشتاو پشت تەنها گوێگر بووین، لەو

خورافاتانەی داپیرە قەڵا، تا درەنگێ لەوێ ماینەوە، بێئومێدی کۆڵی

پێدەداین و بڕ بڕ دەگەڕاینەوەماڵەکانمان، وەلێ هەندێ هەر سووربوون

لەسەر ئەوەی خەبەرەکە درۆ نییە و، پێیانوایە باڵدارەکە بۆ خۆ وەشاردنەوە

بە قەڵادا ڕۆچووە.

بەر لەوەی شرو شیتاڵی خەیاڵەکانم توور دەمە دووی خۆم و بیرۆکەیەکی بەربڵاوتر بۆ چیرۆکەکەم داهێنم، بۆ دواجار ئاوڕم لە قەڵا دایەوە، وەک ئەوەی قسەیەکی زۆری پێبێ، دەیویست ئەو ڕۆژەم بۆ باس بکات، کە هەموو ئەو برینداری شەهیدانەی لە ناکاو و لە ناو خۆڵ و خاکدا خەڵتانی خوێن بوون، تێکشکێنران، گوناهە لەبیرچنەوە، ئەویشم بینی لە دەروازەیەکەوە لەسەر قەڵا بە دووباڵی گەورەوە، دەفڕی و دەنیشتەوە، ئەو دەمە گوێم لەو قەسیدەیە بوو، کە بە تەواوی هەژاندمی:

هەستم بە غایەلەی ترسێک کرد، ترسێک وەک ئەوەی لە خەونێکی جەنجاڵدا پیاماندا دەچزێ. لەپڕ دەستێک شانی گرتم، ترسام.. زۆریش ترسام، بەقەد ئەوەی باڵدارەکە شانی گرتبم ترسام، کە ئاوڕم دایەوە هاوڕێیەکی خۆم بوو، وتی:

– پارە نەدەی.. داومە..!

هاوڕێکەم بیرۆکەکەی پێقاچیم کە لەناو پاسەکەدا بەدەم هەڤپەیڤینی ئەو دوو ئافرەتەی بەردەمم، کە لە کارەساتی تەقینەوەکەی بەردەم قەڵا دەدوان.

لە پاینی قەڵا و لە گۆشەنیگایەکی چاومەوە بۆ دروستی و نادروستی شوێنەواری هەواڵەکە دیقەتی قەڵامدا. قەڵا.. لە پیاوێکی بەساڵاچووی نوستووی دەکرد، لە دونیادا مەیلی هیچی نەمابێ، تا بەخەبەر بێ.

................................

شرۆڤەی دایەلۆگە عەرەبیەکە*

– تۆ بڵێی ئەمە دیناسوور بێ..؟!

– نەخێر.. مەحاڵە، وەلێ ئەم قسەیە بێ هۆ نییە..!!

– مەبەستت ئەوانەی وا لە هاتنە خوارەوەن،شۆر....

– ئافەرین، ئێستا تێگەیشتیت.